نەفرەتی لێ مەکەن، چونکە سوێند بە خودا؛ من دەزانم کە ئەو خودا و پێغەمبەرەکەی خۆشدەوێت

لە عومەری کوڕی خەتابەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لە سەردەمی پێغەمبەردا -صلى الله عليه وسلم- پیاوێک هەبوو؛ بە ناوی عبد الله، بە (حیمار) ناسراو بوو، و پێغەمبەری خودای دەهێنایە پێکەنین -صلى الله عليه وسلم-، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سزای جەڵدی لێدا بەهۆی خواردنەوەی (مەی). ڕۆژێکیان دیسانەوە بەهەمان تۆمەت هێنرایەوە بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- و فەرمانی کرد و سزای جەڵدی لێدرا لەسەر ئەوە، پیاوێک لەناو خەڵکەکەدا ووتی: خودایە، نەفرەتی لێبکە! چەندەها جارە بەهۆی ئەمەوە دەهێنرێت؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «نەفرەتی لێ مەکەن، چونکە سوێند بە خودا؛ من دەزانم کە ئەو خودا و پێغەمبەرەکەی خۆشدەوێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە]

لە سەردەمی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پیاوێک هەبوو؛ ناوی عبد الله بوو، نازناوی حیمار بوو، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-ی دەخستە پێکەنین بە هەندێک لە قسەکانی، و پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سزای دابوو لەسەر خواردنەوەی مەی، ڕۆژێکیان هێنرایە لای بەهۆی مەی خواردنەوە، فەرمانی پێکرا و سزا درا. یەکێک لە ئامادەبووان جنێوی پێدا، ووتی: نەفرەتی خوای لێبێت، چەند زۆر دەهێنرێت بەهۆی مەی خواردنەوە؟! پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: نزای لێ مەکەن بە دوورخستنەوە لە ڕەحمەتی خودا، سوێند بە خودا، من هیچ نازانم سەبارەتی جگە لەوە نەبێت کە ئەو خودا و پێغەمبەرەکەی خۆشدەوێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66214